حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٣٠٠/٧
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی
نەوروز

العدد :
التأريخ: ٨ / ٤ / ٢٠٢٤

## گشتاندنی دارایی ژمارە (٦)ی ساڵی/٢٠٢٤

پاڵپشت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣ و ٢٤٤ و ٢٤٥ و٢٤٦ و ٢٤٧ و ٢٤٨ و ٢٤٩ ) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧ بڕیاردرا بە :-

**یەکەم** : کەمکردنەوەی ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی زیندوی هاوردەکراو بۆ مەبەستەکانی سەربڕین و بەخێوکردن بە ڕێژەی (٥٠%) لە سەدا پەنجا لە ڕەسمی ئێستا و پێویستە لەدوای یەک ساڵ پێداچونەوەی بۆ بکرێت ، لە ڕێکەوتی دەرچونی ئەم گشتاندنە جێبەجێ دەکرێت .

**دووەم** : لێخۆشبون لە تەواوی سەدا سەدی سزای دواکەوتنی کەڵەکەبو لەسەر خاوەن کاران تایبەت بە (بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتی ) بە مەرجێک لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی بڕیارەکە (٢٠٢٤/٣/٢٧) تەواوی سەدا سەدی بڕی پارەی بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتییەکە بدەن ، لە ڕێکەوتی دەرکردنی گشتاندن لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ دەکرێت .

**سێ یەم:**

١- پێشکەشکردنی کارئاسانی پێویست لە چوارچێوەی یاساکانی باج بۆ باجدەران لە چین و توێژەکانی کاسبکاران و پیشەوەران بە تایبەتیش پێداچونەوەی دەسەڵاتی دارایی (السلطة المالیة) بە ڕێژەی خەمڵاندنی باجی پیشەکان و کاری کاسبکاران کە خاوەن یەک سەرچاوەی داهاتی سنوردارن و بژێوی ژیانی خێزانییان لەسەر ئەم کارەیە ، ئەویش بە ئاراستەی بارسوکی لە پێدانی باج بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان .

٢- لێخۆشبون لە تەواوی سوو و سزای دواکەوتنی پێدانی باج و کرێی ساڵانەی موڵکەکانی میریی کە دەکەوێتە ئەستۆی هاوڵاتیان بە مەرجێک توخمی سزایی نەبێت.

٣- لە ڕێکەوتی دەرچونی ئەم گشتاندنە جێبەجێ دەکرێت تا (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار .

چوارەم :داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست لە بڕی پارەی کرێی بەشداری کارەبای کەڵەکەبو لەسەر هاوڵاتیان تاوەکو ئاسایی بونەوەی بارودۆخی ناهەمواری هەرێمی کوردستان ، لە ڕێکەوتی دەرکردنی گشتاندن لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ دەکرێت .

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربیل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd

ژمارە :
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التاريخ : / / ٢٠٢٤

**پێنجەم :**

١- لێخۆشبون لە قەرزە کەڵەکەبوەکانی سەر هاولاتیان بەشودی دواکەوتنەوە بە ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست ( لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، هەروەها رسوماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ لەگەڵ هەموو رسوماتەکانی گەشتوگوزار تاوەکو ئاسایی بونەوەی بارودۆخی ناهەمواری هەرێمی کوردستان .

٢- داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست ( لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، هەروەها رسوماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ لەگەڵ هەموو رسوماتەکانی گەشتوگوزار) تاوەکو ئاسایی بونەوەی بارودۆخی ناهەمواری هەرێمی کوردستان .

٣- لە ڕێکەوتی دەرکردنی گشتاندن لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ دەکرێت .

**شەشەم:** لێخۆشبون لە سزای سەرپێچیی هاتووچۆ لەسەر هاولاتیان بە ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیستی سزاکانی (کۆن و بەردەوام) لە ڕێکەوتی دەرچونی بڕیارەکە (٢٠٢٤/٣/٢٧) تا ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٣٠) ، لە ڕێکەوتی دەرکردنی گشتاندن لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ دەکرێت .

**حەوتەم :** داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیستی کرێی خوێندنی پارالیل و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرباری ئەو ڕێژەی داشکاندنانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە بڕیاریان لەسەر دراوە ، لە ڕێکەوتی دەرکردنی گشتاندن لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە جێبەجێ دەکرێت .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ٤ / ٢٠٢٤